# دەبێ ئێستا لە لای خودا..
# کاتژمێر چەند بێ؟
# بە کاتی کوێ؟

سەردار حەمید (نۆڕێ)

یان یەکتریتان خۆشبوویێت..یان بمرن. ئۆدن

پێشتر دەمگوت:
لەناو ئاپۆڕەی مرۆڤەکاندا،
چ میرێکی بێعەرش و پڕ میهرم!
هێندەجوان دڵخۆشبووم..
کاتێ دەمبینی کانگەکانی ستەم دەخرانە ئەرشیفی مۆزەخانەکانەوە
دەمگوت: چ دەستکەوێکی مەزننە بۆ باخچەکانی بوونمان!
چ هەلێکی زێڕینە بۆ فراوانکرنی ڕووبەری میهرەبانیی!
باشە ئەم هەموو هەوایە هەیە، ئیتر بۆچی بمرم؟

دواییش گوتم: سەت ڕەحمەت لە بەڵای گورگەکان!

هەزار ڕەحمەت لە چاوچنۆکیی کوڕەکانی یەعقووب!
ڕێز و سپاسی بێپایان بۆ ویژدانی زیندووی "ئەخیل"
لە بۆ کوشتنی بەردەوامی دێوەرەکانی عەشق!

وتم :شکۆی دەماغی ئەمانە بۆ وەها وردوخاش بوون؟
بەرزیی باڵای ئەم شەریفانە بۆ هێندە قەمبوور بوون؟
سەلاریی ئەم مرۆڤایەتییە، چ زوو بوو بە مێژوو!

کاتێکیش ویستم..
لە کەڵبەی خوێناویی دڕندەکانی ژیان هەڵبێم..
لەناو لەشکری دەعباکانی دەوروبەر دەربچم
تونێلێکی درێژم لێدا
کەچی.. لە هەناوی گۆڕستانێکەوە سەرمی هێنایەدەر،

منیش بەسروشتی هەمیشە بەخشندەییمەوە..
دڵم کردە سەتان چەپکە گوڵ و
بەسەر گۆڕەکاندا بەخشیمەوە..
بەهێمنیی هەستم کرد زۆر سوپاسگوزارمن،

لەگۆڕستاندا..
دوو توولەمار، بۆم بوونە ئەستووندەکی گەڵای زەمبەقێ
پەڕی تاووسێکی دەم با، خۆی کردە باوەشێنم
چەند کرمێکی میهرەبانیش خۆیان کردە پێخەفم
باڵەکانی پووشکەبەقنگەش بوونە هاوێنەی چاویلکەم..
تا ڕەنگاوڕەنگیی خەوبینینەکانم باشتر ببینم،

زۆر عەسران چۆلەکەی سەردارەکان دەهاتنە سەرشانم..
چیرۆکەکانی ڕۆژگاریان بۆ دەگێڕامەوە،
هەواڵی هەمیشە بێڕەحمیی مرۆڤەکانیان بۆ دەخوێندمەوە،
سەت مەخابن، هەندێکیان بەزامداریی دەهاتنەوە..
بڕێکیشیان بە کوشتن دەسپێردران و ئیدی نەمدەبینینەوە،

شەمشەمەکوێرەکان، گشت ئێوارانێ شیریان نۆشدەکردم،
لەگەڵ مشکەکوێرەکاندا کە دادەنیشتین..
باسی ڕەنگاڵەیی کەڤاڵ و جوانیی ..
باسی چێژەکانی ڕەنگگرتنەوەم دەکرد و تێر پێدەکەنیین.
لەگەڵ ژیژکەکاندا کۆڕی زۆربەی شەوانمان..
وانەی گرینگی نەرمونیانیی و خۆشەویستیی بوو.

* * *

قەشمەرییان بە (مۆزارت، بتهۆڤن و شۆپان) دەهات،
گرووپی میوزیکی سیسارک و کوللەکان،
بە ئۆرکێسترا، میلۆدیی جۆراوجۆریان بۆ دەژەندم،
ناونیشانی سیمفۆنیاکانیشیان هەر بەناوی منەوە دەکرد.

هەندێ کۆتری هەڵهاتووییش وەک من لە دەستی مرۆڤ،
لەبەر خاتری من.. بلووری بێدەنگییان دەشکاند،
لە کۆنسێرتەکانیاندا.. بە گمەی کۆرس و ئاوازی ئەفسووناویی..
قەسیدەکانیان دەکردم بەگۆرانی غەمگینیی ژیان لە مەنفادا.

سەمای قالۆنچە خرەڵەکان،
چ هونەرێکی لێدەباریی، یا تریسکۆر*!

"زۆربا" تەریق دەبووەوە.
بەزمی هەڵپەڕکێی پشیلە شیکەکانی شەوان
جووڵەی لاوی مزەوەریان بەدرۆ دەخستەوە،
پیرەکتێبخانەی جاڵجاڵۆکەکان.. هێندە پڕ بوون..
ئەوەی "بۆرخیس"یان هەر وەلاوە نابوو.

گاڵتەیان بە (ڤان کوخ، پیکاسۆ و سلڤادۆر دالی) دەهات،
دەستەی دووپشکە وێنەکێشەکان ..
زۆرجار بۆ دانیشتنم بە مۆدێلی بەڵێن،
بانگهێشتیان دەکردم بۆ ئەتێلەکانیان
ئێستا ئیتر؛ کەڤاڵەکانیان لەسەر دیواری مەرسەمەکان ..
پڕن لە وێنەی کێشراوی جۆراوجۆری من،

بۆچی، مێروولەیەک هەبوو گازم لێبگرێ؟
نااااااا، هەموو بەجەستەی شووشەییانەوە گیانیان دەشێلام.
لەئازاردانی مرۆڤەکان پاکیان دەکردمەوە،
ئەسپەردەی کەژاوە و زەماوەندی هەنگەکانیان دەکردم..
بەخۆشحاڵییەوە، لەدەمی مژینی هەڵاڵەکاندا.

لەدانیشتنی مێروولەکاندا، بە چپە دەدواین،
هاژەی لافاوی پەشۆکان..
دەیخستنە چەمی تۆقینەوە،
بنەچەکی ئەم ترسەیشیان لە دەنگی بەرز..
دەگەڕایەوە سەر "زرمەی پێی سوپای سولیمان."

بەسەر شەکری پەیڤەکانمەوە دەنیشتنەوە و
دەیانکرد بە پەشمەک.. مێشوولەکان.

هەندێ جار هەموو پێکەوە..
ئەوەندە لەسێبەری درەختی دڵخۆشییدا دەحەساینەوە
هێندە بەرسیلەی بەختەوەرییمان دەچنییەوە
بێئاگابووین لەوەی..
گوێزانی کات چلۆن شەو و ڕۆژ شەق دەکات!
مەگەر جارجارێ.. جرجی هاروهاج..
بە ڕاخستنی فەرشی پرسیارە سەیرەکانی و
بەدەم نۆشینی شەراب و نمایشە سەرسووڕهێنەرەکانیەوە
لەوسەری پردی ئارامییەوە ڕایدەچڵەکاندین
کۆشکی وەهمەکانمانی بەسەر مێخەکی هزرماندا دەڕووخاند..
چونکە.. زۆر جاران دەیپرسی:
دەبێ ئێستا.. لای خودا..
کاتژمێر چەند بێ؟
بە کاتی کوێ؟
* * *
بەهاران، لەپرسەی تۆخی خاڵخاڵۆکەکاندا..
هەموو سوورمان دەبوون بە شین،
بۆ سروشی سەرەخۆشییمان لەیەکتر..
نەرمەتووکی کرمە ڕەنگاوڕەنگەکانمان شانەدەکرد.

هاوینان، بە شەونمی پاشەکەوتکراوی بەهار ..
نیانی دڵی دارەکانمان تەڕ دەکرد.. تا وشک نەبنەوە

ئاوپڕژێنی بەژنی گوڵەکانمان دەکرد..
تا دەم بەخەندە و بەعەیارییەوە خۆ بنوێنن
نەرمەچیمەنی حەوشەی گۆڕەکانمان لێپاراو دەکرد.
لە شەوانی نەرموشلی شادییشماندا
گوڵەستێرەکان ڕووناکییان دەڕژاندە بەر پێیەکانمان.

پاییزێک، وەک بڵێی بووبێتم بە پەروانە
عاشقی پەپوولەیەک بووم..
لەیەکەم دیداردا.. پێیوتم:
لە شەریعەتی دینی فەسڵی ئێمەدا
دەزانیت، ئەگەر عاشقەکان بەخودا سوێند بخۆن..
هێشتا ڕاست ناکەن!
تا بە مەعشووقەکەیان سوێند نەخۆن، بڕوایان پێناکرێت!
فەرمووی: دەبێ بێیتە دینمانەوە،
بە پڕشنگی بزەیەکەوە سەری ڕەزامەندییم لەقاند و
پێمگوت: ئەی پەروانەی چاوهەنگوینیی..
بە چاوانت نازانم بۆ خۆشمدەوێی،
بەڵام... بەڵام، بە گوڵاوپڕژێنی مەرگی..
ئیتر نەمبینییەوە چاوانی پڕ لە سوورمەی.
ئا .. بیریشمە پێیگوتم:
گەر ویستت باشتر بمبینییت..
چاوەکانت بنووقێنە..
بۆیە، ئێستاش هەروادەکەم،
ئیدی لەوساوە من بوومە بە سەفیری چاوەڕوانیی.

زستانانیش.. هەناسەی حەسرەتکێشی هەتاو کۆیدەکردینەوە
ساردوسڕییەکەیمان گەرموگوڕ دەکردەوە.
هەندێ شەوان، پێشبڕکێی جوانترین پێکەنینمان ڕێکدەخست
هەردەم تۆوی چاکەمان دەچاند،
زۆرجارانیش، بۆ دڵخۆشکردنی پایەی ژیان..
کوندەپەپووی گرژومۆنمان خەڵات دەکرد.

* * *

هەموو دەم لەبەرخۆمەوە دەمگوت:
ئایا هەست بکەم مەنفانشینێکم..لە مێرگوزاری ئەم دۆستانەمدا؟
کە مردووەکان.. هێندەی بەرینیی مەحشەر.. ڕێزیان دەگرتم،
لافاوی سووکەشەرمەزارییەک ڕایدەماڵییم بەرەو ناوەوەم.
دەمگوت: چەند سەیرن.. مرۆڤە زیندووەکان!
دڵ دەخەیتە بەردەستیان.. دەیشکێنن!
ڕووحیان دەدەیتێ.. پەژموردەی دەکەن
خۆشەویستییان پێدەبەخشیت.. تووڕی هەڵدەدەن
زۆرجاریش دەموت:
چ وەفادارییەکی دەوێ پاداشتی ئەم مردووە بەڕێزانە!
هەموویان لەدایکم دەچن.. ئەوەندە شمشاڵی دڵکونن بۆم.
چ سیحراوییە، ژیان لەگەڵ ئەم جرۆجانەوەرە ئازیزانەش!
چ بەرگەگرتنێکی دەوێ، میهرەبانیی ئەم دۆستانە!

ئەوەی هەمیشە بزر بوو و لە ئارای فەرهەنگدا نەبوو..
باسی تووڕەیی شمشێر و ڕۆچوونە کەللەی گوللە بوو.
هەڵهاتن لەجیهانی مرۆڤە دڵشکێنەکان.. چ داناییەکە!
چەند جوانە ژیان، لە شاری مردوواندا!

چەند بە ویقار و زەردەپەڕی تامەزرۆیییەوە..
زیکری شەکەتییان دەخستە ناو لەپیان
گوێبیستی زڕەی خشڵی دەردەدڵ و
بینەری گوڵەنگی گلەیییەکانم دەبوون..
دڵدەرەوەی شێرپەنجەی دڵشکاوییەکانم بوون.

* * *

دواجار..
پێش لەخەو ڕابوونەوەم
بەخۆمم وت:
دە لێرەدا بمرە بۆخۆت..
لەخۆشییدا.

* * *

دۆزەخی بەئاگاهاتنەوەم چی موسیبەتێک بوو، یا ڕەب!
بورکانی چ ڕووداوێکی نەخوازراو بوو بۆم!
خەوی سەتەیەک ژیانم لە شارێکی دەگمەن..
چۆن بە شەپۆلە شلوێکانییەوە..
ئاگری ڕوانینمی خستە داهاتووی تاریکییەوە؟

کەوا لەوساوە من بوومە بە سەفیری چاوەڕوانیی.
ئاخۆ دەبێ ئێستا لە لای خودا..
کاتژمێر چەند بێ؟
بە کاتی کوێ؟

**پەراوێز**

*** تریسکۆر:خوداوەندی سەمایە لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا.**